# بۆ ژنێکی نیگەران

عەلی نارێنی



بۆ دوودڵی
خۆت مەکوژە بە خەیاڵی پووچەوە
دەرگای دڵم ئاوەڵایە
چۆنت ئەوێ
بۆ خۆت وەرە ژوورەوە
من پیاوێکم پڕم لە جۆش وخرۆش
شیعرم وبە هەموو سەرکێشییەوە
نە مەحاڵ ئەناسم و....
نە تێر ئەبم لە سووتان
هەر ژنێکیشم خۆش بوێ
هەر هەموو دەرگاکانی
زەوی وئاسمانی بەروودا ئەکەمەوە

***

بۆ دوودڵی
بۆ لە دوورەوە تێم دەڕوانی
بۆ خەیاڵت دەپێوی و..
هەمیشە نیگەرانی
من پیاوێکم عیشقم سنوری بۆ نییە
شیعرێکم لە خۆشەویستی و..
بڕانەوەم بۆ نییە
وێڕای هەڵچوونم

وێڕای گەمەو..
وێڕای شۆڕش وئەزموونم
هێشتا لە دواندنی گوڵا
هەرزەکارێکی بێ پشوو...
لاوێکی بێ چەندوچوونم

***

بۆ دوودڵی
بۆ چرای ژیانت هەڵناکەی
بۆ نایەی لە یەکتر پڕ بین
تا رادەی توانەوە
پڕ بین لە هەست وئاوێزانبوون
تا رادەی تەقینەوە
پڕ بین لە جوانی ومناڵی
تا رادەی پاکبوونەوە
پڕ بین لە شێتی ولە گەمەو لە شیعر
تا رادەی نوسینەوە
تا رادەی شی بوونەوە

***

بۆ دوودڵی
عیشق نیگەرانی ناوێ
عاشق کەی لەوە ترساوە
بەرگی تەنهایی بدڕێ
دوودڵ مەبە
وەرە بژوێنی دڵمەوە
چون مامز

**بۆ نواڵەیەك**

**بەیانیانی کوێستان دەگەڕێ**

**وەرە هێلانەی دڵمەوە**

**چون کێشکە**

**بۆ پەسارێك**

**ئێوارانی ئاران دەگەڕێ**